# ویندۆزی حەوت

# Microsoft Windows 7

دانانی: هیمداد خدر سورچی

1432 ك – 2011 ز

## بسم اللّٰه الرحمن الرحيم

**پێناسی کتێب**:


- **ناوی کتێب: ویندۆزی حەوت**
- **ناوی دانەر: هیمداد خدر سورچی**
- **تایپ و نەخشەسازی: دانەر**
- **چاپخانە: چاپخانەی چوارچرا**
- **شوێنی چاپ: سلێمانی**
- **نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**
- **ساڵی چاپ:** 1432 **ك –** 2011 **ز**
- **تیراژ:** 1000 **دانە**



**ژ.م:** **07501137277**

**ناونیشان**: **پیرەمەگروون – سلێمانی**

## چۆن کۆمپیوتەر دەبەستیت؟

پێویــستە ئــەو کەرەســتانە ئــەمادە بکــەیت کــە پەیوەســتن بــەڕاگیر کردنــی کۆمپیوتــەر، وەك مێــزو و یــو پــی ئــێس کــە کــە ســەرەکی تــرین کەرەســتەیە بــۆ کۆمپیوتــــەر، چــــونکە لــــەکاتی کوژانــــەوەی کارەبــــادا کۆمپیوتەرەکــــەت بەشێوەی سیستەمی ناکوژێتەوەو ڕاستەوخۆ کارەبای لەسەر دەبڕێت.

ئەو کەرەستانەش ئەمانەن:

(1) مێــزی تایبــەت بەکۆمپیوتــەر، ئاگــادار بــە لــەوەی کــە مێزەکــە زۆر بــەرز نــەبێت و نــزم نــەبێت، چــونکە زیــان دەگەیــەنێت بە پــشتی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر.

(2) وەك لەســەرەوە باســمان کــرد UPS کــە بــۆ مــاوەی پێــنج خولــەك یــاخود زیــاتر کارەبــا ئــەدات بەکۆمپیوتــەرە، بــۆ ئــەوەی کارەکانــت پاشــەکەوت بکــەیت و دواتــر لەســیتەمی وینــدۆز بەرێگــەی تایبــەت کۆمپیوتەرەکەت بکوژێنیتەوە.

(3) تەقــسیمێکی بــاش، بــۆ ئــەوەی کێبڵــی کۆمپیوتــەر تێــدا جوڵــە نــەکات و لەشــوێنی خــۆی جــێگیر بــێ، ئەگــەر هــاتوو ئــەو کێبڵــە شــل بێــت ئــەوا کۆمپیوتەرەکــەمان دەکوژێتــەوەو لەوانەیــە گرفــت دروســت بکــات بــۆ کۆمپیوتەرەکەمان.

(4) Pad پــاد کــە دائــەنرێت لــەژێر مــاوس بــۆ ئــەوەی بەشــێوەیەکی ئاسایی جوڵە بکات و خۆش بێ بۆ کارکردن.

دواتر پارچەکانی کۆمپیوتەر لەسەر مێزەکە بەرێکی دابنێ.

ئینجا کێبڵی مۆنیتۆر لەکەیسەکە ئەبەسترێت.



دواتر هەردوو فیسەی کیبۆرد و ماوس بدە لەکەیسەکە:

تێبینی : پێویسته بەهێواشی فیشەكانی ماوس و كیبۆرد بخەیتە شوێنی فیشەكان لەسەر كیبۆرد، بۆ ئەوەی شانەكانی خوار نەبێت، چونكە



هەریك لەو شانانە خوار بێتەوەو شوێنی خۆی نەگرێ، یاخود بشكێت ئەوا فیشەكان تێكدەچن و كارناكەن، چارەسەریشی تەنها ئەوەیە ئەبێ بۆی بگۆڕیت. بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵە بكەیت.

تێبینی : ئەبێ فیشەكان لەشوێنی خۆیاندا دابنرێ بۆ ئەوەی گرفت بۆ كۆمپیوتەرەكەت دروست نەبێ، ئەویش بەناسینەوەی ڕەنگی فیشەكان و ڕەنگی كەسیەكە وەك یەك تكایە ئاگاداربە.

دواتر كێبڵی كارەبا لەشوێنی پاوەر دابنێ Power .

بۆ كوژانەوەو داگیرساندنی پاوەری كەیس.

وەك لەوێنەی خوارەوە بەرچاو ئەكەوێت.





Speaker قسەكەر.


لــــەرێگی Speaker دەتـــوانین گـــوێ لــــەدەنگ بگـــرین، فیـــشەی Speaker ئەبەســـترێت لــــە کــــارتی دەنــــگ و هـــەر لەرێگـــەی کـــارتی دەنگیـــشەوە دەنـــگ ئەدات بە Speaker.

وەك باسمـــان كـــرد ئەگـــەر كـــارتی دەنـــگ پێناســـە نـــەكرابوو ئـــەوا Speaker كار ناكات.

**سكانەر Scanner**

لەرێگـــەی Scanner دەتـــوانین لا پرەیـــە یـــاخود هـــەر شـــتێك لەســـەر كاغـــەز بێـــت بیگوازینـــەوە بـــۆ نێـــو كۆمپیوتەرەكەمانـــەوە، لـــەكاتی گواستنەوەشـــدا هـــیچ گۆڕانكارییـــەك بەســـەر كارەكەمانـــدا نایـــەت مەگـــەر بەویـــستی خۆمـــان گۆڕانكاری تێدا بكەین.

كـــاری ســـكانەر تـــەنها ئـــەو پەڕەیـــەمان بـــۆ كـــۆپی ئـــەكات كـــە لـــەنێوی دائەنێین.



تێبـــینی: تكایـــە لـــەكاتی بەســـتنەوەی ســـكانەر بـــەكارەباوە هەوڵبـــدە پلاكەكـــە شـــل نـــەبێت لەبەرئـــەوەی لەوانەیـــە ببێتـــە هـــۆی ســـوتانی ســـكانەرو گرفـــت تێكـــەوتنی، زۆربـــەی چارچـــەكانی كۆمپیوتـــەر بـــەهۆی شلی پلاكەكانەوە گرفتی بۆ دروست ئەبێت.

**مایكرۆفۆن** Microphone.

مـــايكرۆفۆن ســـوودێكی زۆری هەيـــە بـــۆ گوســـاتنەوەی يـــاخود تۆمـــاركردنی هـــەر دەنگێك Sound Recorder لەدەرەوە بۆ نێو كۆمپيوتەر.

مـــايكرۆفۆن لە پـــشتەوەی كەيـــسی كۆمپيوتـــەر كـــە شـــوێنێكی تايبـــەتی هەيـــەو ڕەنگـــی ســـوورە ئەبەســـترێت، ئێمـــە ئەگـــەر بمانـــەوێت كـــاری پـــێ بكـــەين ئـــەبێت بەســـدی تايبـــەت ئـــەو كارتـــە بناســـێنين بـــۆ ئـــەوەی كـــاری گواســـتنەوەی دەنـــگ بۆ نێو كۆمپيوتەر ئە نجام بدات.




**كيبۆرد** Keyboard **چييە** ؟

شـــێوەیەکی لاکێـــشەی هەیـــەو، هـــەموو پیـــت و ژمارەکـــان لەســـەر Keybord بەرچـــاو ئەکـــەوێت، جگـــە لەبـــەکارهێنانی پیتـــەکان و ژمارەکـــان، کـــاری Mouse ئـــە نجام ئـــەدات و دەتـــوانین هـــەمان کـــار بـــە Keybord ئـــە نجام بـــدەین، بـــەلاّم بـــەکارهێنانی Mouse هـــەروا ئاســـان نییـــە ئـــەبێت شـــارەزاییەکی تـــەواوومان هـــەبێت، بۆیـــە پێویـــستە خۆمـــان شـــارەزا بکـــەین لە پیت لێدان و کارکردن بە Keyboard،



(1) F1 بـــۆ کردنـــەوەی Help and support بـــەکار دێـــت، ئـــەم پەڕەیـــە Page یارمـــەتیمان ئـــەدات بـــۆ بـــەکار هێنـــانی وینـــدۆز ئێکـــسپی بەهـــەموو بەشـــەکانییەوە، واتـــە هـــەر کارێـــك کـــە ئێمـــە نـــەمانزانی ئـــە نجامی بـــدەین لـــەو پەڕەیـــەدا ئـــەتوانین بەدوایـــدا بگەڕێین و بە خێرایی فێرکاری ئەدۆزینەوە.

(2) F 12 بـــۆ گـــۆڕینی نـــاوی فۆڵـــدەر یـــاخود فایـــل Rename folder and file بـــەکار دێـــت، واتـــەر کاتێـــك ئێمـــە ئەمانـــەوێت نـــاوی ئـــەو فۆڵـــدەرە یـــاخود ئـــەو فایلـــەی کـــە مەبەســـتمانە دووبـــارە نـــاوی بگـــۆڕین دیـــاری Select ی بکـــەو دواتـــر ئـــەو دووگەمەیـــە دابگرە و دەبینیت ناو دیاری ئەبێت بۆ گۆڕین.

(3) Esc بـــۆ پەشـــیمان بوونـــەوە بـــەکاردێت، واتـــە کاتێـــك ئێمـــە بۆکـــسێکمان کردۆتـــەوەو ئەمانـــەوێت ئـــەو بۆکـــسە دا بخـــەین یـــاخود پەشـــیمان ئەبینـــەوە لـــەو کارانـــەی کـــە ئـــە نجاممان داوە، کاتێـــك ئـــەو دووگمەیـــە لەســـەر کیبـــۆرد دائـــەگرین هـــەموو ئـــەو

گۆڕانکاریانەی کە لەبۆکسەکەدا ئەنجاممان داوە ڕەفزی ئەکاتەوە.

(4) Enter بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی ئەو بۆکسەی کە کارمان تێدا کردووە، وە یاخود ئەتوانین بۆ ڕێگەیەکی تر بکاری بهێنین ئەویش ئەوەیە دێتە سەرەتا ڕستە.

(5) Shift ئەو دووگەیە بەکار دێت بۆ دانانی ئەو هێمایە کە لەسەر کیبۆرد دووگمەیەکی تایبەتی بۆ دانەنراوە بۆ نمونە ئەگەر ئێمە ئات (@) بنوسین پێویستە دووگمەی Shift+@ دابینین ئەو هێمایەی کە مەبەستمانە لەنێو پەیجەکەدا دروست ئەبێت.

(6) Space بۆ بۆشایی دانان لەنێوان دوو وشەدا، بۆ نمونە کاتێك ئێمە تێکست ئەنوسین پێویستە وشەکان لەیەکتر جیا بکەینەوە بۆ ئەو مەبەستە کاتێك وشەکە تەواوو بوو پێویستە ئەو دووگمەیە لەسەر کیبۆرد دابگریت.

(7) Shift لەگەڵ Alt بۆ گۆڕینی ئەو زامانانە بەکار دێت کە تۆ بۆ کیبۆردەکەت داناوە، لەکوردستاندا زۆربەی ئەو کەسانەی کە کۆمپیوتەر بەکار ئەهێنن دوو جۆرە زمان بۆ کیبۆردەکەیان داناوە عەرەبی و ئینگلیزی، ئەگەر ئێمە بمانەوێ بەیەکێ لەو زمانانە بنوسین ئەو ئەو دوو دووگمەیە لەسەر کیبۆرد دائەگرین.

(8) Ctrl کاتێك ئێمە ئەو دووگمەیە دائەگرین ئەتوانین بەماوس کارێکی تر ئەنجام بدەین، یەکێ لەوکارانە ئەگەر بمانەوێت دانە دانە فۆڵدەر یاخود فایل دیاری Select بکەین ئەوا ئەو دووگمەیە لەگەڵ ماوس لەسەر فۆڵدەر یاخود لەسەر فایلی مەبەست دائەگرین.

(9) Home ئەگەر ئێمە کۆمەلێك مەلەف یاخود فایلمان دیاری کردبێ کاتێك ئەو دووگەیە دائەگرین ئەوا بەخێرایی دەچێتە سەرەتای پەیجەکە Page.

(10) Del کورتکراوەی Deleteیە، بۆ سڕینەوەی مەلەف یاخود هەر فایلێکی دیاری کراو بەکار دێت.

(11) Print Screen بۆ چاپ کردنی هەموو شاشەی کۆمپیوتەر بەشێوەی وێنەیی چاپ دەکات و دەتوانین لەبەرنامەکانی وێنەیدا بەتایبەت Adobe Photoshop دایبنێین Paste بکەین، وە ئەشتوانین لەبەرنامەکانی تێکست نوسیندا بەتایبەت لەبەرنامەی Microsoft Office Word دایبنێین.

(12) End بۆ چوونە سەر کۆتایی ڕستە، واتە کاتێک ئێمە لەسەرەتایی ڕستەدا تێکست ئەنوسین ئەوا کاتێک ئەو دووگەیە دائەگرین دەچینە کۆتایی ئەو ڕستەیەی کە لە پەڕەکەدا نوسراوە.

(13) Backspace بۆ سڕینەوەی تێکست بەکار دێت، کاتێک ئێمە ئەمانەوێت تێکست بسڕینەوە پێویستە ئەو تێکستە دیاری بکەین و دواتر ئەو دووگمەیە دابگرین.

(14) Page up کاتێک ئەو دووگمەیە دائەگرین پەڕەمان بۆ دەباتە سەرەوە.

(15) Page Down پەڕەمان بۆ دەباتە خوارەوە.

(16) بۆنوسینی (ێ) سەرەتا پیتی (ی) بنوسەو دواتر Shift+Q دابگرە.

(17) بۆ پیتی (ڕ) پیتی (دابگرە) و دواتر هەردوو دووگمەی Shift+A دابگرە.

(18) بۆ پیتی (ژ) پیتی (ژ).

(19) بۆ پیتی (پ) دووگمەی (پ) دابگرە.

(20) بۆ پیتی (گ) دووگمەی (گ) دابگرە.

(21) بۆ پیتی (ڤ) دووگمەی (ڤ) دابگرە.

(22) بۆ پیتی (چ) دووگمەی (چ) دابگرە.

(23) بۆ پیتی (ۆ) دووگمەی (ۆ) دابگرە.

(24) بۆ پیتی (و)ی جیا کردنەوە دووگمەی (و) دابگرە.

(25) بۆ پیتی (ھ) دووگمەی (ھ) دابگرە.

(26) بۆ پیتی (ە) دووگمەی (ە) دابگرە.

(27) بـــۆ دانـــانی خـــاڵ (.) لـــەکۆتایی ڕســـتەدا هـــەردوو پـــیتی Shift +> دابگرە.

(28) بـــۆ دانـــانی نیـــشانەی پرســـیار (؟) لـــەکۆتایی ڕســـتەدا، هـــەردوو دووگمـــەی / + Shift کـــە ئـــەم نیـــشانانەیان لەســـەرە (? , /) ئەو نیشانەیە دەنوسرێت.

(29) بـــۆ دانـــانی نیـــشانەی سەرســـوڕمان (!) هـــەردوو دووگمـــەی Shift +1 دابگرە.

(30) بـــۆ نوســـینی هێامـــای دۆلا ($) هـــەردوو دووگمـــەی Shift +4دابگرە.

(31) بۆنیـــسینی هێمـــا لەســـەدا (٪) هـــەردوو دووگمـــەی 5 + Shift دابگرە.

(32) بـــۆ دانـــانی نیـــشانەی ئـــات (@) کـــە بـــەکاردێت بـــۆ نوســـینی ئیمەیڵ هەردوو دووگمەی 2 + Shift داگبرە.

(33) بـــۆ نوســـینی هێمـــای و (&) هـــەردوو دووگمـــەی 7+ Shift دابگرە.

(34) بـــۆ نوســـینی هێمـــای ئەســـتێرە (*) هـــەردوو دووگمـــەی + Shift + 8 داگبرە.

(35) بۆ نوسینی هێمای کەم (-) دووگمەی (0) دابگرە.

(36) بـــۆ دروســـت کردنـــی دوو کەوانـــە "()" 9+ 0 + Shift یـــەکجار شەفت داگرە، ئینجا ژمارە سفر، ئینجا ژمارە 9 داگبرە.

(37) بـــۆ دانـــانی نیـــشانەی فـــاریزە (،) هـــەردوو دووگمـــەی K+ Shift دبگرە.

(38) بـــۆ درێژكردنـــەوەی پیـــت بـــۆ نمونـــە (وینـــــــــــــــــــدۆز حەوت) هەردوو دووگمەی Shift +J داگبرە.

(39) بـــۆ پـــیتی ئـــەلف كـــە هـــەمزەی لەســـەر بـــێ (أ) هـــەردوو پـــیتی Shift + V دابگرە.

(40) بۆ نوسینی پیتی (ڵ) هەردوو دووگمەی Shift +q داگبرە.

(41) بۆ نوسینی پیتی (ڵ) هەردوو دووگمەی Shift +q داگبرە

(42) بۆ نوسینی پیتی (لإ) هەردوو دووگمەی Shift + T داگبرە.

(43) بۆ نوسینی پیتی (إ) هەردوو دووگمەی Shift + Y داگبرە.

(44) بۆ نوسینی (×) هەردوو دووگمەی Shift + O داگبرە.


(45) بۆ نوسینی (÷) هەردوو دووگمەی Shift + I داگبرە.

(46) بۆ نوسینی <> هەردوو دووگمەی { } + Shift داگبرە.

**مشکە (ماوس) Mouse چییە؟**

لەڕێگـــەی ماوســـەوە دەتـــوانین هـــەموو کاریًـــك لـــەنێو کۆمپیوتەرەکـــە ئـــە نجام بـــدەین، ئەگـــەر مـــاوس نـــەبێت بـــەکارهێنانی کۆمپیوتـــەر زۆر زەحمـــەت دەبێـــت و هـــەموو کەســـێك ناتوانێـــت لەســـەر کۆمپیوتـــەر کاربکـــات، بـــەکارهێنانی مـــاوس هـــەموو کـــارێکی بـــۆ ئاســـان کـــردووین، مـــاوس دەورێکـــی گـــرینگ دەبینێـــت لەبەرکارخستنی کۆمپیوتەر.

وایـــــەری بەســـــتنەوەی مـــــاوس بەکەیـــسەوە ( هەنـــدێ مـــاوس هەیـــە کە وەو وایرەی نییەو لێزەرە )



کلیکی ڕاست.

کلیکی چەپ.

بردنـــــە ســـــەرەوە و هێنانـــــە

خوارەوەی پەڕە.

**تێبـــینی: بـــەو شـــێوەیە وەك لەوێنەکـــەدا بەرچـــاو ئەکـــەوێت دەستت دائەنێیت بۆ ئەوەی دەستت ماندوو نەبێ.**

**پرێنت** (**چاپ کردن**) Print **چییە؟**

**پرێنـــت بـــەواتای چـــاپ کـــردن دێـــت، ئـــەم ئـــامێرە کـــاری چـــاپ کـــردن ئـــەکات لەســـــەر کاغـــەز، ئـــــەم کـــــارەش کــــە پرێنــــت ئــــە نجام ئـــەدات لـــــەرێی کۆمپیوتەرەوەیـــە، ئەگـــەر بەشـــێوەیەکی تـــر بڵـــێین ئێمـــە لەســـەرەتادا ئـــەبێت ئـــەو پرۆیـــە ئامـــادە بکـــەین چ نوســـین یـــاخود هەرشـــتێکی تـــر بێـــت گـــەر بمانـــەوێت کارەکـــەمان بـــۆ بەچـــاپ بگەیـــەنێت کرتـــە لەســـەر ئـــەو وێنەیـــە دەکـــەین کـــە لـــەنێو هـــەموو بەرنامەیەکـــدا بەرچـــاو ئەکـــەوێت، لـــەرێی کێبڵـــەوە کـــە لەکۆمپیوتـــەر و دواتـــر لـــەئامێری چـــا پکردن ئەبەســـترێت و بەهۆیەشـــەوە کارەکـــەمان بـــۆ بەئـــە نجام ئـــەدات، چـــەند جـــۆرە پرێنتـــەرێك هەیـــە یـــەکێ لەوانـــە کـــە زۆربـــەی خـــەڵکانێك لەکوردســـتان و دەرەوە بـــەکاری ئـــەهێنن جۆرەکـــەی لێـــزەرە، پرێنتـــی لێـــزە ئـــەو کاغەزانـــەمان بـــۆ ســـپی دەکاتـــەوە بەمـــەرجێ تێکنەچـــووبێت، هـــەموو ئـــەو نوســـینانە یـــاخود ئـــەو وێنانـــەی کەلەســـەر کاغەزەکـــە هـــەن بۆمـــان ســـپی دەکاتـــەوە و دەتـــوانین جـــارێکی تـــر کارەکا نمان لەسەری چاپ بکەینەوە.**

**یەکەی داخڵ کردن** Input Unit **چییە؟**

**ئێمـــە ئـــەتوانین هـــەموو جـــۆرە فایلێـــك بخەینـــە نێـــو کۆمپیوتـــەر و لـــەنێو ئـــەو ئامێرەدا بەشێوەیەکی ئاسان بەکاریان بهێنین.**
**کاتێـــك ئێمـــە هـــەر فایلێـــك بخەینـــە نێـــو کۆمپیوتـــەرەوە بەرێگەیـــەکی تایبـــەت ئـــەو کـــارە ئـــە نجام ئـــەدەین چـــونکە ئـــەو ئـــامێرەی کـــە فایلەکـــە تێـــدا هـــەڵگیراوە جیـــاوازی هەیـــە لەگـــەڵ ئامێرەکـــان، بـــۆ نمونـــە ئێمـــە کۆمـــەڵێك فایلمـــان هەیـــە لەســـەر میمـــۆزی وە هەنـــدێ فایلمـــان هەیـــە لەســـەر فلـــۆپی جیـــاوازی کـــۆپی کـــردن و بـــەکارهێنیان لـــەنێو کۆمپیوتـــەردا جیاوازیـــان هەیەو بەکارهێنانیان لەیەك ناچێت.**

## یەکەی بردنە دەرەوە Output Unit.

ئێمە هەر شتێك كە لەنێو كۆمپیوتەردا بوونی هەبێت ئەتوانین بیبەینە دەرەوە، بۆ بردنە دەرەوەی هەر زانیارییەك لەڕێگەی ئامێری تایبەتەوە ئەبێت، بۆ نمونە ئێمە كۆمەڵێك فایلمان لەنێو كۆمپیوتەردا داناوە و ئەمانەوێت لەنێو كۆمپیوتەر لایبەرین و بیخەینە سەر هەر زاكیرەیەك میمۆری یاخودر CD و DVD یاخود هاردی Hard ی دەرەوە. بەو ڕێگەیەوە دەتوانیت هەر مەلەفێكی نێو كۆمپیوتەر بگوازیتەوە بۆ دەرەوەی كۆمپیوتەر.

## سیدی CD.

سـیدی CD لـەدوای نـەوەدەکان لەلایـەن کۆمپانیایـەکی ئەمریکییـەوە دروسـت کـرا، کۆمپانیـای ئێلگـی LG و کۆمپانیـای ئیمەیـشن Imaition و کۆمانیـای پرینکـۆ PRINCO و چـەندین کۆمانیـای تـر دەسـتێکی بالآیـان هـەبووە لەدروسـت کردنـی سـیدی، بـەلآم بەمدوایانـە بەرێژەیـەکی زۆر بـۆ هـەموو بوارەکـانی زانیـاری بـەکارهێنرا، بـەلآم بـەهۆی هـاتنی دی ڤـی دی DVD سیدی ڕێژەی بەکار هێنانی کەم بوویەوە.

ئـەو سـیدیەی کـە لـەبازاڕەکانی کوردسـتاندا بەرچـاو ئەکـەوێت هـەر زانیارییـەك کـە بمانـەوێت ئـەتوانین لەسـەری تۆمـار بکـەین، بـەلآم گـرفتی ئـەم سـیدییە ئەوەیـە کـە لـەڕووی قـەبارەوە بـچووکە، ئـەو زانیارییـەی کـە هەمانـە نابێـت لـە قـەبارەی لـە MB 700 میگـا بایـت زیـاتر بێـت، وازانیـاری دەنـگ Sound Info نـابێ لـە لـە 80 خولـەك زیـاتر بێـت (Do not put into direct sunlight write with special soft marker pen only).

## دی ڤی دی DVD.

وەك لەسەرەوە باسمان کرد CD قەبارەی بچووکە، بەلاّم DVD قەبارەی لەسیدی گەورە ترەو ئەتوانین زانیاری زیاتری لەسەر تۆمار بکەین.

لەڕووی قەبارەی دی ڤی دی DVD دوو جۆرە DVD مان هەیە.

1- دی ڤی دی DVD قەبارەی یەکەم GB 4.7 گیگا بایت و 120 خولەك دەخایەنێت ئەگەر زانیاری دەنگی لەسەر دابنێین.

2- دی ڤی دی DVD قەبارەیەکی زۆرتری هەیەو ئەویش بریتییە لە 9 گیگا بایت کە ڕێژەکەی زۆرتر لە خالّی یەکەم.



**مۆنیتۆر** Monitor ؟

**لەشـــــێوەی** TV **ئەچـــــێت و قەبارەیـــــەکی چوارگۆشـــــەی هەیـــــە، بـــــەبێ بەکارنـــــەهێنانی** Monitor **ئێمـــــە نـــــاتوانین کۆمپیوتـــــەر بـــــەکاربهێنین،** Monitor **بـــەکێبلی تاییـــەتی کـــە هـــەر لەخۆیـــەتی ئەبەســـترێت لـــەکارتی مـــۆنیتۆر.**




## کارتی دەنگ Sound card ؟

Sound card واتە/ کارتی دەنگ، ئەم کارتە لە پشتەوەی کەیسەکە ئەبەستریت و شوینی فیشە خستانە ناوی دەکەویتە دەرەوە کە رەنگیکی سەوزی کالی هەیە، وەکو هەموو پارچەکانی Sound card کۆمپیوتەر پێویستی بەناساندن هەیە، ئەویش لەرێگەی سیدی تایبەت بە Sound card.

## مۆزیك Music.


Music فۆڵدەرێکە لەنێو هەموو کۆمپیوتەرێك دا هەیە، ئەم فۆڵدەرە دوو تراکی مۆزیکی تێدایە بۆ تاقی کردنەوەی کۆمپیوتەرەکەت بۆ ئەوەی لەکاتی تەواو بوونی فۆرمات کارتی دەنگ ناساندووە یاخود نا، کاتێ یەکێ لەو دوو تراکانە لێئەدەیت بۆت دەرئەکەوێت کە کارەکەت ئەنجام داوە یان نا.






**وێنەکان** Pictures.


**لەم فۆڵدەرەدا چەند وێنەیەك هەیە بۆ هەر کارێکی پێویست، بۆ ئەو کاتانەی کە کارت بەوێنەیەوە دەستت ناکەوێت، و لەو حاڵەتانەدا پێویستت بەو کۆمەڵە وێنەیە ئەبێت و دەتوانیت سوودی لێ وەربگریت.**







## شۆرکەتی فایل My recent document.

کاتێـــک ئێمـــە فایلێـــک یـــان فۆڵـــدەرێک زۆر بـــەکار ئـــەهێنین دەچـــێتە My recent document پێویـــست ناکـــات هـــەرجارێ کارمـــان بـــە فـــایلی پێویـــست بـــوو ســـەردانی ئـــەو فایلـــە بکەینـــەوە، دەچـــینە ســـەرStart و ئینجـــا کلیک ئەکەین My recent document.



**Open کاری چییە؟**

Open **بـــۆ کردنـــەوەی بەڵگـــە نامـــەکان، واتـــە تـــا ئـــەو فایلـــە دیـــاری نەکرابێت ئێمە ناتوانین فۆڵدەری دیاری کراو بکەینەوە.**

**Explore بۆچی بەکاردێت؟**


Explore **بۆ کردنەوەی فۆڵدەر یاخود فایل بەشێوەیەکی بەرفراوان.**

**Search کاری چییە؟**

Search **بـــۆ گـــەڕان بـــەدوای هـــەر فایـــل و فۆڵـــدەرێك، بـــۆ نمونـــە ئێمـــە پرۆژەیـــــەکمان ئـــە نجام داوەو لـــەنێو کۆمپیوتـــەردا نـــاوی ئـــەو پرۆژەیـــە ئەنوسین و زۆر بەئاسانی ئەتوانین بیدۆزینەوە.**

Sharing and security **نـــاردن و پارێزگـــاری کردنـــی ئـــەو فایـــل و فۆڵدەرەی کە ئەمانەوێت بۆ کۆمپیوتەرێکی تری بنێرین.**

**Send to دەتوانین بینێرین بۆ ...:**




Create shortcut **دروســتکردنی شــۆرکەتی ئــەو فایلــە یــا ئــەو فۆڵــدەرەی کــە دیــاری کــراوە، واتــە فــایلێکی هاوشــێوەی ئــەو فایلــەت هــەبێت بــۆ کــارکردن**

تێیدا، هەر گۆڕانکاریکە لە شۆرتکەتەکەدا بکەیت هەمان ئەو گۆڕانکارییە لەفۆڵدەری ئەسلیدا جێبەجێ ئەکات.

Delete بۆ سڕینەوەی فایل و فۆڵدەر، یاخود ئەتوانیت بۆ سڕینەوە دووگمەی Del دابگریت لەسەر کیبۆرد، ئێمە کاتێ ئەتوانین کاری سڕینەوە ئەنجام بدەین فایلەکە دیاری Select کرابن.

Rename بۆ گۆڕینی دووبارەی ناوی فۆڵدەر، بۆ نمونە تۆ ناوێکت نوسیوە بۆ فایل یا فۆڵدەر و ئەتەوێت ناوی بگۆڕیت، کلیکی لای ڕاست لەسەری بکەو دواتر ئەمەی کە باسی ئەکەین دیاری بکە.

Properties زانینی تایبەتمەندییەکانی فۆڵدەر.

Close بۆ داخستنی فۆڵدەر.

Undo بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتایی کار.

Cut بڕینی ئەو فۆڵدەری دیاری کراو.

Copy لەبەرگرتنەوەی فایلی دیاریکراو.

Paste دانانەوەی ئەو کارەی کە لەکۆپی یا کەت ئەنجامت داوە.

Paste shortcut دانانەوە بەشێوەی شۆرتکەت، وەك لەسەرەوە باسمان کرد.

Copy to folder بۆ لەبەرگرتنەوەی فۆڵدەر.

Move to folder لابردنی فۆڵدەر لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

Select All دیاری کردنی هەموو فۆڵدەرەکەنا.

Invert Selection کاتێك ئێمە هەموو فۆڵدەرەکانمان دیاری کردووە بەکلیك کردن لەسەر ئەو بەشە ئەوا دیاری کردنەکە لادەچێت .

Explorer bar ئامرازی فراوان.

Thumbnails گۆڕینی ئایکۆن.

Titles گۆڕینی ئایکۆن بۆ شێوەی تایتڵ.

Icons گۆڕینی ئایکۆن بۆ شێوەی ئایکۆن.

List گۆڕینی ئایکۆن بۆ شێوەی لیست.

Details گــــۆڕینی ئــــایکۆن بـــۆ ئـــەوەی تایبە تمەندییـــەکانی ئـــەو فۆڵـــدەرەی کە هەیە بزانیت.

Arrange icon by گۆڕینی ئایکۆن بەویستی خۆت.

Choose details هەڵبـــژاردنی ئــــایکۆن، واتـــە ئـــەو ئایکۆنانـــەی کـــە لەســـەرەوە باســـان کـــرد شـــێوازێکی کـــەم بـــوون، لێـــرەدا دەتوانیـــت ئـــایکۆنی زیاتر ببینیت و بۆ ئەو شێوازانە بگۆڕیت کە تۆ مەبەستتە.

Go to کاتێـــك ئێمـــە کلیـــك لەســـەرر دەکـــەین لیـــستێکمان بـــۆ ئەکرێتـــەوە، ئـــەو فۆڵدەرانـــەمان بـــۆ ئەکرێتـــەوە کـــە ئامادەمـــان کـــردووە، واتـــە کاتێـــك کلیـــك لەســـەر هـــەر بەشـــێك لـــەو بەشـــانە بکـــەیت کـــە لەلیـــستەکەدا دەرکـــەوتووە ئەگەڕێینـــەوە بـــۆ شـــوێنی دیـــاری کـــراو، وە کـــاری گەڕانـــەوە Back ئە نجام ئەدات.

Back گەڕانەوە بۆ شوێنی پێشوو.

Frowad چوونە سەر ئەو فۆڵدەرەی کە پێشووتر سەردانت کردبوو.

Up one level گەڕانـــەوە بـــۆ ســـەرەوە تـــەنها یـــەك دەرەجـــە، بـــەکلیك کردن لەسەر تەنها هەنگاوێك دەچێتە سەرەوە.

Home page بۆ ماڵپەڕی تایبەت بۆ کردنەوەی.

My computer بۆ چوونە ناو .My computer

Local disc D بۆ کردنەوەی دیسکی .disc D

Refresh زینـــدوو کردنـــەوە، یـــا حەســـانەوەی پەینجـــەرە Windows XP وەهەروەها هەموو فایلەکان بەدوایەکدا ڕیز ئەکات.

**مینوی** favorites .

Favorites **تایبەتە بە کورتکردنەوەی هەنگاوەکان بۆ کردنەوەی فایلی پێویست، واتە کاتێك ئێمە ڕۆژانە چەندین جار فایلێك دەکەینەوە و بۆ کاری ئێمە زۆر دووبارە ئەبێتەوە، ئێمە لێرەدا باسی ئەوە دەکەین چۆن بتوانین بۆ کردنەوەی فایلەکە هەنگاوەکان کورت بکەینەوە.**

**کورتکردنەوەی هەنگاوەکان بۆ کردنەوەی** Add to favorite's **فۆڵدەر.**

**ئەو فۆڵدەرە بکەرەوە کە ئەتەوێت بەماوەیەکی زۆر کەم بیکەیتەوە. فۆلدەری مەبەست دیاری بکە، و دوو ڕێگە هەیە بۆ کردنەوەی فۆڵدەر، ڕێگەی یەکەم، دوو کلیك بکە لەسەر، یاخود دەتوانیت کلیکی لای ڕاست بکەیت لەسەر فۆڵدەرەکە ئینجا** Open **دیاری بکە.**

**کلیك بکە لەسەر لیستی** favorites **ئەویش لە** My Documents **یاخود** My Computer **بەرچاو ئەکەوێت.**

**کلیك بکە لەسەر** Add to favorites. **بۆ ئیزافە کردنی فایی پێویست، دواتر لا پەڕەیەکت بۆ ئەکرێتەوە لەبۆشایی** Name **ناوی ئەو فۆڵدەرە بنوسە یاخود وازی لیٚ بهێنە.**

1- OK **بۆ جێبەجیٚ کردنی کارەکەت.**

2- Cancel **بۆ پاشگەز بوونەوە ( پەشیمان بوونەوە ) لەو کارەی کە ئە نجامی ئەدەیت.**

3- Creat in **دروست کردنی ئەو فایلە لەکام فۆڵدەردا دائەنێیت، لێرەدا ئەتوانین فۆڵدەرێك دروست بکەین بۆ ئەو کارەی کە ئە نجامی ئەدەین.**

**بڕۆ کلیك بکە لەسەر** favorites **دەبینیت ئەو فۆڵدەرەی کە** favorites **کرد بەناوی** Converter **لەهەر کوێیەکی کۆمپیوتەر کلیك لەسەر** Converter **بکەین زۆر بەئاسانی بۆمان ئەکرێتەوە.**

Organize favorites لـــەم بەشـــەدا دەتـــوانین گۆڕانكـــاری بەســـەر ئـــەو فایلەدا بهێنین كە كورتمان كردۆتەوە.

1- Create folder بۆ دروستكردنی فۆڵدەرێكی تازە.

2- rename بـــۆ دووبـــارە نوســـینی ناوێـــك بـــۆ فۆڵـــدەرێك، واتـــە پێـــشتر فایلێكـــت بـــەناوێك پاشـــەكەوت كردبـــوو، تـــۆ ئەتـــەوێت فایلەكەت بگۆڕیت بۆ ناوێكی تر.

3- Move to folder كـــۆپی كـــردن بـــۆ نـــاوی فۆڵـــدەری دیـــاری كراو.

4- Delete بۆ سڕینەوەی فۆڵدەر بەكار دێت.

5- Close بۆ داخستن.

**مەرجەکانی کۆمپیوتەر بۆ دابەزاندنی ویندۆزی حەوت:**

**بەرلەوەی باسی دابەزاندنی ویندۆزی حەوت بکەین پێویستە کۆمپیوتەرەکەت لەو مواسەفاتانەی لای خوارەوە بێت، ئەگەر بێت کۆمپیوتەرەکەت لەو مواسەفاتانە نەبوو، ئەوا بەدابەزاندنی ویندۆزی حەوت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت گرفتت بۆ دروست ئەکات، کۆمپیوتەرەکە بەڕێژەیەکی زۆر خێرایی کەم دەکاتەوە.**

**یاخود ئەگەر بێت کۆمپیوتەرەکە لەو مواسەفاتانە نەبێت، ویندۆزی حەوت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دانابەزێت.**

Virtual HArddisk : **9 GB**
RAM : **512 MB**
Processor : **Single Core**
Windows Version : **Windows 7 Ultimate M3 v6801-0-080913-2030**
ROW: DVD-R

## تایبەتمەندی ویندۆزی حەوتWindows 7 :

ئـــەم ویـنــــدۆزە زۆر تـایبە تمـــەنی جۆراوجـــۆری هەیـــەو لەگـــەڵ ویـنــــدۆزەكانی تر.

لێـــرەدا بە پێویـــستی دەزانم كـــە هەنـــدێ لـــەو تایبە تمەندیانـــە بـــەكورتی بـــاس بكـــەم بـــۆ ئـــەوەی بەكارهێنـــەرانی ئـــەو ویـنـــدۆزە زیـــاتر ئاشـــنایی لەگـــەڵ ویـنـــدۆزی حـــەوت 7 Windows پەیـــدا بكـــەن و زانیـــاری لەبارەیـــەوە وەربگرن.

(1) ویـنـــدۆزی حـــەوت 7 Windows لەگـــەڵ ویـنـــدۆزی Windos XP جیـــاوازی زۆری هەیـــە، بتایبـــەت لـــەكاتی فۆرمـــات كردنـــدا، واتـــە لەویـنـــدۆزی ئێكـــسپیدا كاتێـــك ویـنـــدۆز دائەبـــەزێنرێت هـــەموو فایلـــەكانی بەشـــی پارتـــشنی (C) دەســـڕێتەوەو تـــەنها ئـــەو فایـــل و فۆڵدەرانـــە دائەبـــەزێت كـــە لەگـــەڵ ویـنـــدۆزی ئێكـــسپیدایە، هـــەموو زانیارییـــەكان و ئـــەو بەرنامانـــەی كـــە دامـــان بەزانـــدوون دەســـڕێنەوە، ئـــەبێ بەرنامـــەكان و زانیارییـــەكان دووبـــارە دروســـت بكەینـــەوە، ئەمـــەش وا ئـــەكات كـــە چـــەند خولـــەكێك خـــەریكی دروســـت كردنـــەوەی زانیارییـــەكان و دابەزانـــدنی بەرنامـــەكان بینـــەوە. یـــاخود زۆرجـــار وا ڕوویـــداوە كـــە بـــەهۆی هەنـــدێ گرفتـــەوە پێویـــست ئـــەكات كـــە كۆمپیوتەرەكـــە فۆرمـــات بكـــەین، بـــەفۆرمات كردنـــی كۆمپیوتـــەریش چـــی زانیـــاری هەیـــە لـــەناو پارتـــشنی (c) دەســـڕێنەوە. بـــەڵام ویـنـــدۆزی حـــەوت ئـــەو تایبەمەندییـــەی تیـــا نییـــە، هـــەر زانیارییـــەك و هـــەر بەرنامەیـــەك كـــە دامـــان بەزانـــدوون، لـــەكاتی فۆرمـــات كردنـــدا ترســـی ســـڕینەوەی زانیارییـــەكا نمان نابێـــت و لەهـــەر كاتێكـــدا بێـــت دەتـــوانین ویـنـــدۆزی حـــەوت دابـــەزێنین، ئـــەو بەرنامانـــەش كـــە لەســـەر ویـنـــدۆزی ئێكـــسپیدا پێـــشتر دامـــان بەزانـــدوون هـــەموویان لەفۆڵدەرێكـــدا بۆمـــان كـــۆ ئەكاتـــەوە، ئـــەتوانین زانیارییـــەكان، یـــاخود ئـــەو بەرنامانـــەی كـــە دامـــان بەزانـــدوون كـــۆپی بكـــەین و لەویـنـــدۆزی حەوتـــدا داینێینـــەوە،

دواتــــر هـــــەموو فایـــــل و فۆڵــــدەرەکانی وینـــــدۆزی ئێکـــــسپی دەســــــڕینەوە .Delete

(2) لــــەکاتی دابەزانـــدنی وینــــدۆزی ئێکـــسپی، وەك باسمــــان کـــرد هـــەموو زانیارییــــەکان دەســــڕێنەوە، لـــــەدوای دابەزاندنیـــــشیدا پێویـــــستە ســــیدی تاییـــەت بەتـــەعریفاتی پارچـــەکانی کۆمپیوتـــەر دەبێـــت، و ئــــەبێ هــــەموو درایڤـــەرەکانی تــــر پێویــــستە بەســــیدی تاییـــەت لەســــەر کۆمپیوتــــەر دابـــــەزێنین، بـــــەلام تاییە تمەنــــدی وینــــدۆزی حـــەوت تـــەعریفاتی هــــەموو جـــۆرە درایڤـــەرێکی کۆمپیوتـــەری تێدایـــەو پێویـــستمان بــــەهیچ ســــیدییەکی تـــر نابێـــت جگــــە لەوینــــدۆزی حـــەوت، کـــە هــــەموو درایڤـــەرێکی تێدایــــە، بۆیــــە دەبیــــنین وینــــدۆزی حـــەوت لەســــەر DVD یــــەو لەســــەر ســــیدی نییــــە. واتــــە لـــــەکاتی دابەزانـــــدنی وینـــــدۆزی حــــەوت ئۆتۆماتیکیـــــەن هـــــەموو درایڤـــەرەکان تـــەعریف دەبــــێ، جگــــە لـــەو درایڤەرانـــە نــــەبێت کـــە لــــەناو کۆمپیوتـــــەرێکی کۆنـــــدان، واتــــە ئــــەو کۆمپیوتەرانــــەی لــــە پێش دروســـــت کردنـــــی ئــــەم وینـــــدۆزەدا بوونیــــان هـــــەبێت، بــــۆ نمونــــە هەنــــدێك پرێنتــــەری کـــــانون هەیــــە بەســــیدی تاییــــەت نــــەبێت لەســــەر وینـــــدۆزی حـــــەوت کارناکات.

(3) لــــەکاتی دابەزانـــدنی وینــــدۆزی ئێکـــسپی، کاتـــژێرێکی دەوێـــت تـــاکو دابەزانـــــدنی کۆتـــــایی دێـــــت و سیــــــستەمی ڕێــــك دەخرێـــــت و دووبـــــارە دابەزاندنـــــەوەی هــــەموو بەرنامـــەکان، بـــــەلام دابەزانـــدنی وینــــدۆزی حـــــەوت چــــەند خولــــەکێکی دەوێـــت، لەکــــەمترین مــــاوەدا ئــــەو وینــــدۆزە ئــــەتوانین دابیەزێنین.

## دابەزاندنی ویندۆزی حەوت:

سەرەتا دەبێ ویندۆز حەوت لەناو دیڤیدی ڕووم DVD ROW دابنێیت، دواتر پێویستە کۆمپیوتەرەکەت ڕیستارت بکەیتەوە reboot your computer.

دوای ئەوەی کە کۆمپیوتەرەکەت ڕیستارت کردەوە ویندۆزی حەوت ئۆتۆماتی automatically دەبێت بەبووت، ئەگەر هاتوو ئۆتۆماتیکی نەبوو بە بووت، دووگمەی F12 لەسەر کیبۆرد دابگرە.

دواتر پەڕەیەکی ڕەش دەکرێتەوە، لەسەر پەڕە ڕەشەکە هێڵێکی سپی کەمێ پان بەرچاو ئەکەوێت، کە ئەو تێکستە Windows is loading file لەسەر هێڵەکە دەرکەوێت، دواتر چاوەڕوان دەکەیت تاکو پەڕە ڕەشەکە لادەچێت، بڕوانە (وێنەی (1))




وێنەی (1)



دواتر ئەو وێنەیەی (وێنەی (2)) لای خوارەوە دەردەکەوێت، دووبارە چاوەڕوان دەکەیت، تاکو پەڕەکە لادەچێت.

(وێنەی (1))

دەبینین (وێنەی (3)) بەرچاو ئەکەوێت، دواتر چەند خولەکێك چاوەڕوان بکە تا پەڕەکە لادەچێت.



(وێنەی (3))

دواتر ئەم بۆکەسەی لای خوارەوە (وێنەی (4)) ئەکرێتەوە.

1) language to install بۆ دیاری کردنی زامانێك بۆ دابەزاندنی ویندۆزی حەوت، واتە هەر زمانێك لێرەدا دیاری بکرێت، ویندۆزی حەوت بەو زامانە دائەبەزێت، بۆ وێنە، ئێمە دەمانەوێت ویندۆزی حەوت بەو زمانە دیاری بکەین کە لەنێو سیتەمیدا دیاری کراوە واتە زمانی ئینگلیزی English یاخود تۆ ئەتوانیت هەر زمانێکی تر کە لەنێو ویندۆزی حەوتدا ئامادە کرابێ دیاری بکەیت.

Time and currency format بۆ دیاری کردنی فۆرماتی کات و بەروار Time&Dtate بکەیت، لەلیستەکەدا ئەتوانیت هەر یەك لەو فۆرماتانە بۆ ویندۆزی حەوت کلیك بکەیت، وەهەروەها ئەتوانیت بەرواری هیجری (کۆچی) دیاری بکەیت. (وێنەی (4))




(وێنەی (4))

دواتر (وێنەی (5)) دەکرێتەوە.

1) Install now بەکاردێت بۆ دابەزاندنی ویندۆزی حەوت، کاتێك کلیکی لەسەر دەکەیت، ئەو بۆکسە لادەچێت و ڕێگەی زیاتر بۆ دابەزاندنی دەگریتە بەر، بۆیە دەبێت کلیك لەسەر Install now کە مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە.


2) What to know before install windows ئەگەر کلیکی لەسەر بکەیت پەڕەی یارمەتی Help دانت بۆ ئەکرێتەوە، و لە پەڕەکەدا فێرکاری لەسەر بۆکسەکەدا بەزمانی ئینگلیزی، یاخود بە پێی ئەو زمانەی کە پێشتر دیاریت کردبوو بخوێنیتەوە.

3) Repair your computer بۆ چاکردنەوەی ویندۆز بەکاردێت، واتە ئەگەر ویندۆزەکەت هەر هەڵەیەك لەسیستەمدا ڕوویدابێ دەتوانیت لێرەدا چاکی بکەیتەوە، بەبێ ئەوەی پێویست بکات کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات بکەیت. ئەمەش دەورێکی گرینگ دەبینێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو گرفتانەی کە لەویندۆزی حەوتدا ڕوویداوە، بەبێ ئەوەی تۆ هەستی پێ بکەیت، چونکە زۆرجار وا ڕوویدا کە گرفت لەسیستەمەکەدا بوونی هەبێت، و بەکارهێنەری هەستی پێ نەکردووە، یاخود جۆرجار ناتوانرێت گرفتەکە بەئاسانی چارەسەر بکرێت. بڕوانە (وێنەی (5))




(وێنەی (5))


دواتر (وێنەی (6)) دەکرێتەوە، ماوەیەکی کەم چاوەڕێ بکە :




(وێنەی (6))

دواتر وێنەی (وێنەی (7)) بەرچاو ئەکەوێت:


لە Please read the license terms زانیاری دەربارەی ویندۆزی حەوت بخوێنیتەوە، وە گرنگە بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی بتوانیت زانیاری زیاتر وەربگریت، ئەگەر نەتویست کلیك بکە لەسەر I accept the license terms بۆ ئەوەی بتوانیت هەنگاوەکانی زیاتر بگریتە بەر بۆ دابەزاندنی ویندۆزی حەوت. دواتر کلیك بکە لەسەر Next. بڕوانە وێنەی (وێنەی (7))




(وێنەی (7))


دواتر بۆکسی لای خوارەوە (وێنەی (8)) دەکرێتەوە، داتوانیت کلیك بکەیت لەسەر Upgrade بکەیت، ئەگەر هاتوو Upgrade ئەکتیڤ نەبوو، کلیك بکە لەسەر Custom (Advanced) بکە، بۆ ئەوەی بتوانیت ویندۆزی حەوت دابەزێنیت.

**تێبینی:** زۆرجار Upgrade ئەکتیڤ نابێت ئەویش بەهۆی هەندێ گۆڕانکاری کردن لەبایۆسەوە، ئەگەر بێتو گۆڕانکاری لەبایۆس یاخود سیستەمی ویندۆزەکە نەکرابێت Upgrade ئەکتیڤ نابێن. بڕوانە (وێنەی (8))




(وێنەی (8))


دواتر لەبۆکسەکەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە (Where do you want to install Windows?) واتە: ئایا تۆ ویندۆزی حەوت لەکوێ دائەبەزێنیت؟ پێویستە پارتشنێك دیاری بکەیت، زۆرجار پارتشنی (C) دیاری دەکرێت، واتە: Partition 1. کلیك بکە لەسەر Next. (وێنەی (9))




(وێنەی (9))


## دروستكردنى پارتشن:

ئەگەر هاتوو، ويستت پارتشنێك دروست بكـەيتCreating Partitions كليـك بكـە لەسەر Drive options (advanced) كليك بكە. بڕوانە (وێنەی (10))





(وێنەی (10))

بـۆ دروسـت كردنـى پارتـشنێكى نـوێ كليـك بكـە لەسـەر بـووتنى New.
بڕوانە (وێنەی (11))



(وێنەی (11))

دواتر لە Size دا قەبارەی ئەو درایڤە دیاری بکە کە تۆ ئەتەوێت ویندۆزی حەوتی لەسەر دابەزێنیت. بۆ نمونە پارتشنی یەك 1 Portion، قەبارەکەش بە میگابایت MB دیاری دەکرێت. دواتر کلیك بکە لەسەر Apply بۆ ئەوەی قەبارەکە لەسەر پارشتنەکە جێبەجێ ببێت. بڕوانە (وێنەی (12))





(وێنەی (12))

**تێبینی:**


**ئەگەر ویستت یەکێ لەپارتشنەکان بسڕیتەوە، کلیك بکە لەسەر Delete، ئەو زانیاریانەی کە لەناو پارتشنەکاندا هەیە هەمووی دەسڕێتەوەو لەناو دەچن، بۆیە دەبێ ئاگاداربین لەسڕنەوەی پارتشن.**

دوای ئەوەی کە کلیکمان کرد لەسەر Apply نامەیەکمان ئاراستە ئەکات ( To ensure that all Windows features work correctly, windows might create additional partitions for system files ) لەنامەکـــەدا message کلیك بکە لەسەر Cancel. بڕوانە (وێنەی (13))




(وێنەی (13))

وەك لە (وێنەی (13)) بەرچاو ئەکەوێت، ویندۆزی حەوت دەست ئەکات بەدابەزانـــدن، بـــۆ ئەو مەبەستە چەند خولەکێك چاوەڕوان بە... بڕوانە (وێنەی (14))





(وێنەی (14))


## ئەکتیڤ کردنی ویندۆزی حەوت:

دوای ئەوەی کە ویندۆزەکەمان دابەزاند پێویستە لەرێگەی کراکەوە ئەکتیڤی بکەین، ئەگەر ئەکتیڤی نەکەین لەماوەی دیاریکراودا ویندۆزی حەوت زۆر خاو دەبێتەوە دیڤیدی ویندۆزی حەوت بکەرەوە.


دوو کلیك بکە لەسەر کراکی ویندۆز.




دواتر ئەم بۆکسەی لای خوارەوە دەکرێتەوە، کلیك بکە لەسەر OK.



دواتر ئەم بۆکسەی لای خوارەوە ئەکرێتەوە، کلیك بکە لەسەر OK.





دواتر کلیك بکە لەسەر OK، دواتر کۆمپیوتەرەکەت ڕیستارت دەبێتەوە.




## دابەزاندنی فۆنت:


### فۆڵدەری فۆنتەکان بکەرەوە:





دواتر کلیك بکە لەسەر Organize کلیك بکە لەسەر Select all.




دواتر کلیکی لای ڕاست لەسەر فۆنتەکان بکەو، دواتر کلیك بکە لەسەر Copy.





دواتر کلیك بکە لەسەر Start>Computer.




دواتر درایڤی C بکەرەوە.





فۆڵدەری ویندۆز بکەرەوە.




کلیکی لای ڕاست بکە لەسەر فۆنت Font> Paste.




وەك ئەبینین وردە وردە فۆنتەكان دائەبەزێتە نێو فۆڵدەری فۆنتەوە.



**بچووکردنەوەی سکرین:**

**کلیکی لای ڕاست بکە لەسەر دیسکۆتپ. کلیك بکە لەسەر** Screen resonalize.




**کلیك بکە لەسەر قەبارەی** 800×600 **دواتر لیستێکت بۆ دەکرێتەوە، بەماوس کلیکی لەسەر بکە، دواتر ڕایکێشە بۆ ئەو قەبارەیەی کە تۆ مەبەستتە.**


**کلیك بکە لەسەر** Apply>OK.




## گۆڕینی سیستەمی کۆمپیوتەر:

پێویستە سیستەمی کۆمپیوتەر بگۆڕین، بۆ ئەوەی بتوانین بەرنامەکان بەهەموو جۆرە زمانێك دابەزێنین، ئەگەر ئێمە سیستەمی کۆمپیوتەر نەگۆڕین ئەوا ناتوانین بەرنامەکان بەزامانی عەرەبی دابەزێنین، واتە ئەو بەرنامانەی کە بەزمانی عەرەبی دروست کراون.


سەرەتا کلیك بکە لەسەر Start. کلیك بکە لەسەر Control panel.




دواتر کلیك بکە لەسەر Clock , language and region.





کلیك بکە لەسەر Region and language.




کلیك بکە لەسەر Administrative، کلیك بکە لەسەر Change system




دواتر کلیك بکە لەسەر Current system locate، ئینجا عەرەبی عێراقی Arabic Iraq کلیك بکە، دواتر کلیك بکە لەسەر Ok.





کلیك بکە لەسەر Restart now بۆ ئەوەی کۆمپیوتەرەکەت ریستارت بێتەوە.




## دانانی زمان بۆ کیبۆرد:

کلیك بکە لەسەر Start> Control panel





کلیك بکە لەسەر Clock, language and region





کلیك بکە لەسەر keyboard and language .

کلیك بکە لەسەر keyboard.




کلیك بکە لەسەر Add.




ئینجا کلیك بکە لەسەر Arabic Iraq، کلیك بکە لەسەر Keyboard، کلیك بکە لەسەر Arabic (101).

کلیك بکە لەسەر OK.





لەدوا هەنگاودا کلیك بکە لەسەر Apply کلیك بکە لەسەر OK. ئینجا کۆمپیوتەرەکە ڕیستارت بکەرەوە.


## دانانی پاسۆرد:

لێرەدا باسی دانانی پاسۆرد بۆ یوزەر دەکەین ( **Set Password for <User>** )


- کلیکی لای ڕاست بکە لەسەر Computer.
- کلیک بکە لەسەر Manager.




- کلیک بکە لەسەر Local users and group.
- لیستێك دەکرێتەوە، کلیك بکە لەسەر Users.
- کلیکی لای ڕاست بکە لەسەر ئەو یوزەرە کە لەکاتی دابەزانی ویندۆزدا ناوکەت نوسیووە، دواتر کلیك بکە لەسەر Set password.



دواتر ئەم بۆکسەی لای خوارەوە ئەکرێتەوە، کلیك بکە لەسەر Proceed.





دواتر بۆکسێکی تر ئەکرێتەوە، لەبۆشایی یەکەمدا پاسۆرد بنوسە، وا باشترە لەشەش پیت، یاخود شەش ژمارە کەمتر نەبێ، دواتر لەبۆشایی دووەمدا هەمان پاسۆرد بنوسەوە، کە لەبۆشایی یەکەمدا نوسیووتە. دواتر کلیك بکە لەسەر OK.




## لابردنی پاسۆرد:

- کلیکی لای ڕاست بکە لەسەر Computer.
- کلیك بکە لەسەر Manager.




- کلیك بکە لەسەر Local users and group.
- لیستێك دەکرێتەوە، کلیك بکە لەسەر Users.
- کلیکی لای ڕاست بکە لەسەر ئەو یوزەرە کە لەکاتی دابەزانی ویندۆزدا ناوکەت نوسیووە، دواتر کلیك بکە لەسەر Set password.




دواتر ئەم بۆکسە ئەکرێتەوە، کلیك بکە لەسەر Proceed.



دواتر ئەم بۆکسەی لای خوارەوە ئەکرێتەوە.


لەناو بۆشاییەکەدا هیچ پیتێك و ژمارەیەك مەنوسە، کلیك بکە لەسەر OK.




دواتر ئەم نامەیەی لای خوارەوە ئاراستەت ئەکات، کلیك بکە لەسەر OK.




دواتر بەم شێوەیە کۆمپیوتەرەکەت ریستارت دەکەیتەوە، دەبینیت پاسۆرد لەسەر کۆمپیوتەر لادەچێت.




## كاركردن لەسەر لیستی ستارت Start.

### ستارت Start چییە؟

لیستی ستارت کە بە Start menu ناسراوە، دەکەوێتە لای خوارەوەی دەستە چەپی شاشەی کۆمپیوتەرەوە، لەسەر ئەو لیستە کۆمەڵێك بەرنامەی جوارجۆر لەکاتی دابەزاندنی ویندۆزی حەوت لەسەر ئەو لیستە کۆدەبێتەوە، یاخود ئەو بەرنامانە لەسەر ئەو لیستە کۆدەبێتەوە کە ئێمە دامانبەزاندوون، لەماوەیەکی زۆر کەمدا دەتوانیت هەر یەك لەو بەرنامەیەی کە مەبەستمانە بیکەینەوە.


ئەو بەرنامە گرنگانەی کە لەسەر لیستەکەدا هەیە :



## چۆنیەتی کردنەوەی پرۆگرام:

ئێمە لێرەدا باسی کردنەوەی پرۆگرام دەکەین، جا چ ئەو پرۆگرامانەی کە لەکاتی دابەزاندنی ویندۆزدا دابەزیوون، یاخود ئەو بەرنامانەی کە ئێمە خۆمان دامان بەزاندوون، گرنگ نییە، هەموو بەرنامەکان وەکو یەك لەسەر ئەو لیستە دەکرێنەوە.


- سەرەتا کلیك بکە لەسەر Start.
- کلیك بکە لەسەر All programs.
- لیستێك دەکرێتەوە، لەلیستەکەدا کلیك بکە لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە تۆ مەبەستتە، دواتر کلیك بکە لەسەر ئایکۆنی بەرنامەکە، بۆ نمونە ئێمە ئەو بەرنامەیە دەکەینەوە کە لەوێنەکەدا دیارە، دواتر کلیکی لەسەر بکە، دەبینیت بەرنامەکە دەکرێتەوە.




## چۆنیەتی گەڕان لەسەر Start؟

زۆرجار ئێمە پێویستمان بەگەڕان Search هەیە لەسەر لیستی ستارت، بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیەی کە ئێمە مەبەستمانە بیدۆزینەوە، یاخود بەهەر هۆکارێکی تر بێ ئەو کارە ئەنجام بدەین. بۆ ئەوە مەبەستە:

- کلیك بکە لەسەر Start.
- لە Searching programs and files ناوی ئەو پرۆگرامە، یاخود ئەو فایلە بنوسە کە تۆ مەبەستتە، دواتر کلیك بکە لەسەر Search،





وەك ئەبینین ئەو بەرنامانەی کە ناوی Microsoft ی تێدایە هەمووی بەدوای یەکدیدا ڕیز دەکات، دواتر کلیك بکە لەسەر هەریەك لەو بەرنامانە، دواتر دەبینیت بەرنامەکە دەکرێتەوە.



## چۆنیەتی سڕینەوەی ئایکۆنی پڕۆگرام؟

لەوانەی لە مجارەماندا باس سڕینەوەی ئایکۆنی پڕۆگرام دەکەین لەسەر لیستی ستارت ( Removing a program icon from the Start menu ) ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێت ئایکۆنی پڕۆگرام لەسەر لیستی ستارت بسڕینەوە، ئەوا:


- کلیك بکە لەسەر Start.
- دواتر لیستێك دەکرێتەوە، لەلیستەکەدا کلیکی لای ڕاست لەسەر ئایکۆنی ئەو بەرنامەیە بکە کە تۆ ئەتەوێت بیسڕیتەوە، دواتر لیستێك دەکرێتەوە، کلیك بکە لەسەر Remove from the list، دواتر دەبینیت ئایکۆنی ئەو بەرنامەیە لەسەر لیستەکە لادەچێت و دەسڕێتەوە. سەیری وێنەی خوارەوە بکە.



## زیاد كردنی ژمارەی بەرنامەكان لەسەر لیستی ستارت:


ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێت ژمارەی بەرنامەكان لەسەر لیستی ستارت زیاد بكەین (To adjust the number of shortcuts for frequently used programs) بكەین، بەئەنجامدانی ئەو كارەی لای خوارەوە لیستی ستارت درێژ دەبێت، بەمەش جێی زۆرترین بەرنامە لەسەر لیستەكەدا دەبێتەوە.

- سەرەتا كلیكی لای ڕاست لەسەر Start بكە.
- دواتر لیستێك دەكرێتەوە، لەلیستەكەدا كلیك بكە لەسەر Properties.





دواتر ئەم بۆكسەی لای خوارەوە دەكرێتەوە.

- كلیك بكە لەسەر Start menu.
- كلیك بكە لەسەر Customize، وەك لەوێنەكەدا بەرچاو ئەكەوێت.



دواتـــــر لــــه (Number of recent programs to display) ژمـــاره بەویـــستی خـــۆت بنوســـه ، هەرچـــەند ژمـــاره گـــەورەتر بـــێ، جێـــی ئەوەنـــدە ئـــایکۆنی بەرنامەکـــە لەســـەر لیـــستی ســـتارت میـــون دەردەمـــەوێت، وەك لەوێنەکـــەدا دیـــارە ژمـــارە 10 یـــە ، ئەگـــەر ژمارەکـــە زیـــاتر بکـــەین ئـــەوا ئایکۆنەکانی بەرنامەکان لەسەر ئەو لیستە بەرچاو ئەکەوێت.





**تێبـــینی/ بـــۆ بـــچووك کردنـــەوەی ژمـــارەی ئایکۆنـــەکان لەســـەر لیـــستی ســـتارت هـــەمان کـــار ئـــەنجام بـــدە، بـــەڵام ژمارەکـــە کـــەمتر بوســـە، ئەگـــەر هـــەر ژمارەیـــەك بـــێ، لـــەجێی ژمارەکـــە، ژمـــارە 10 بنوســـە، بـــۆ ئـــەوەی لیـــستی ســـتارت بگەڕێتـــەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی.**

## گەڕاندنەوەی لیستی ستارت بۆ دۆخی جاران:

ئەگەر ئێمە هەر کارێك ئەنجامان دابێ لەو بەشە، ئەگەر ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە بگرینە بەر ئەوا لیستی ستارت دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی.


بۆ ئەو مەبەستە.

- کلیکی لای ڕاست لەسەر Start بکە.
- لیستێك دەکرێتەوە، لەلیستەکەدا کلیك بکە لەسەر Properties.





ئەم بۆکسەی لای خوارەوە دەکرێتەوە.

کلیك بکە لەسەر Start menu. کلیك بکە لەسەر Customize.




دواتـــر ئـــەم بۆكـــسەی لای خـــوارەوە دەكرێتـــەوە، لەبۆكـــسەكەدا كليـــك بكـــە لەسەر (Use Default Settings, )

دواتر كليك بكە لەسەر OK.





بەم شێوەیە ليستی ستارت دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسايی خۆی.



## چۆنیەتی دانانی ئایکۆنی پێویست لەسەر ستارت مینو؟

ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێ ئایکۆنی بەرنامەیەکی پێویست (Pin a program to the Start menu) لەسەر لیستی ستارت مینو زیاد دابنێین، بۆ ئەوەی کردنەوەی بەرنامەکە بەخێرایی ئەنجام بدەین.


- کلیك بکە لەسەر Start.
- کلیك بکە لەسەر All Programs.
- بۆ نمونە ئێمە بەرنامەی Pint لەسەر لیستی ستارت دابنێین. کلیك دەکەین لەسەر Accessories، دواتر کلیکی لای ڕاست لەسەر بەرنامەی Pint دەکەین، دواتر لیستێکمان بۆ ئەکرێتەوە، کلیك دەکەین لەسەر Pin to Start menu.



## هەڵبژاردنی وێنە بۆ ستارت مینو، و یوزەر ئەکاونت:


**بۆ هەڵبژاردنی وێنە بۆ ستارت میونو و هەروەها یوزەر ئەکاونت**

Choose a picture for your user account and Start (menu)




**پێویستە ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە بگرینە بەر:**

- **کلیك بکە لەسەر** Start.
- **کلیك بکە لەسەر** Control panel.




**دواتر کلیك بکە لەسەر** User account and family.




دواتر ويندۆزێكی تر دەكرێتەوە، لەويندۆزەكەدا كليك بكە لەسەر ( Change your picture ) وەك لەوێنەكەدا بەرچاو ئەكەوێت.




دواتر كۆمەڵێك وێنە دەكرێتەوە، يەكێ لەو وێنانە كليك بكە، دواتر كليك بكە لەسەر ( Change Picture )




دەبينيت وێنەی سەر ستارت مينو، هەروەها وێنەی يوزەر ئەكاونت ئەگۆردرێت.



## چۆنیەتی کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر:

لێـــرەدا باســـی کوژانـــەوەی کۆمپیوتـــەر دەکـــەین ( Turning off your computer ) کوژانـــەوەی کۆمپیوتـــەر زۆر پێویـــستە، لـــەدوای تـــەواوو بـــوونی کارەکا نمـــان لەســـەر کۆمپیوتـــەر پێویـــستە لەرێگـــەی سیـــستەمی کۆمپیوتـــەرەوە کۆمپیوتەرەکـــە بکوژێنینـــەوە، ئـــەم ئـــامێرە وەك ئامێرەکـــانی تـــر نییـــە لە پلاکـــەوە کارەبـــای لەســـەر بکوژێنیتـــەوە، بـــۆ ئـــەوەی بـــزانین کۆمپیوتـــەر چـــۆن دەکوژێنیتـــەوە، پێویـــستە ئـــەو هەنگاوانـــەی لای خـــوارەوە بگریتە بەر.

- سەرەتا کلیك بکە لەسەر Start.
- کلیك بکە لەسەر ( Shut down ).


ماوەیەکی کەم چاوەڕوان بە کۆمپیوتەرەکە ئۆتۆماتیکی دەکوژێتەوە.



## چۆنیەتی ڕیستارت کردنەوەی کۆمپیوتەر؟

ڕیـــستارت کردنـــەوەی کۆمپیوتـــەر پێویـــستە، بەتایبـــەتی ئـــەو کاتانـــەی کـــە بەرنامـــە دائەبـــەزێنیت، یـــاخود لـــەهۆی هـــەر هۆکـــارێکی تـــر کـــە تـــۆ بتـــەوێت کۆمپیوتـــەر ڕیـــستارت بکەیتـــەوە، مەبەســـت لەڕیـــستارت کردنـــەوەی کۆمپیوتـــەر ئەوەیـــە کـــە دووبـــارە لەســـەرەتاوە ئامێرەکـــە ئۆتۆمـــاتیکی دابگیرسێتەوە، بەمەش سیستەمی ویندۆز ڕێکدەخرێتەوە.

- سەرەتا کلیك بکە لەسەر Start.
- کلیك بکە لەسەر بووتنی Shut down.




دوای ماوەیـــەکی کـــەم کۆمپیوتـــەر دەگوژێتـــەوەو دووبـــارە دائەگیرســـێتەوە، بۆیـــە وا پێویـــست ئـــەکات لـــەکاتی دابەزانـــدنی بەرنامـــە، یـــاخود ســـڕینەوەی بەرنامە کۆمپیوتەر ڕیستارت بکەیتەوە.


## دیسکتۆپ چییە؟

کاتێك کۆمپیوتەر دائەگیرسێت، شاشەی کۆمپیوتەر بەرچاو ئەکەوێت، ئەو شاشەیەش ناسراوە بە Desktop، کۆمەڵێك ئایکۆن بەرچاو ئەکەون، ئەو ئایکۆنانەش بریتییە لەو بەرنامانەی کە خۆمان دامان بەزاندوون، لەکاتی دابەزاندنی بەرنامە لەنێو بۆکسەکەدا دیسکتۆپ دیاری دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی خێرا بەرنامەکە بکەینەوە، یاخود ئەو ئایکۆنانە بەرچاو ئەکەوێت کە خۆمان لەسەری دائەنێین.

وەك لەوێنەی خوارەوە بەرچاو ئەکەوێت هەندێك لەو ئایکۆنانە لەسەر دیسکتۆپ بەرچاو ئەکەوێت.




وێنەی دیسکتۆپ:



## چۆنیەتی جولاندنی ئایکۆن لەسەر دیسکتۆپ؟

**لێرەدا باسی جولاندنی ئایکۆن** ( Moving icons around ) **لەسەر دیکستۆپ،واتە ئایکۆنی سەر دیسکتۆپ بگوازینەوە بۆ شوێنێکی تر هەر لەسەر دیسکتۆپ.**

**بۆ نمونە ئایکۆن لەشوێنی دیاری کراو بەم شێوەیە.**




**دواتر کلیکی لای چەپ لەسەر ئەو ئایکۆنە بکە کە تۆ مەبەستتە، دواتر دەست هەڵمەگرەو لەشوێنی دیاریکراو دەست هەڵگرە، وەك دەبینین ئایکۆن لەشوێنێکەوە دەگوازینەوە بۆ شوێنێکی تر.**







## چــــۆنیەتی دروســـــتکردنی ئـــــایکۆنی بەرنامـــــە لەســــەر دیسکتۆپ؟

ئـــەو بەرنامەیـــەی کـــە هـــیچ کۆمانیـــای مایکرۆســـۆفتن، ئەگـــەر بمانـــەوێت، یـــاکۆنی بەرنامەکـــە لەســـەر دیـــسکۆپ دروســـت بکـــەین بـــەم شـــێوەیەی لای خوارەوە دەبێت.

- سەرەتا کلیکی لای ڕاست لەسەر دیسکتۆپ بکە.
- دواتر لیستێك دەکرێـتەوە، کلیك بکە لەسەر New.
- دواتـــر یـــەکێك لـــەو بەرنامانـــە کلیـــك بکـــە. بـــۆ نمونـــە ئێمـــە دەمانـــەوێت ئـــایکۆنی بەرنامـــەی مایکرۆســـۆفت وۆرد بکەینـــەوە، کلیکی لەسەر دەکەین.




دەبینین بەم شێوەیە ئایکۆنی بەرنامەکە لەسەر دیسکتۆپ دروست دەبێت.





دواتـــر ناوێـــك بـــۆ فایلەکـــە بنوســـە، دواتـــر دووگمـــەی ئینتـــەر لەســـەر کیبۆد دابگرە.



## چۆنیەتی دروستکردنی فۆڵدەر لەسەر دیسکتۆپ؟


